# زنجیرەکانی
# بەدواداچوونی رۆحی

بۆ
باوەڕداری نوێ

# گرنگی ئەم بەدواداچوونانە

لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژاندا زیاتر گرنگی ئەوە هەنگاوە دەزانیت کەوا مەسیحت وەکو ڕزگاریدەر و پەروەردگارێك بۆ ژیانی خۆت قبووڵ کردووە. هەموو ڕۆژێکیش زیاتر شارەزا دەبێت لە مەزنی خۆشویستنە بێ پایانەکەی مەسیح بۆ تۆ.

دوای ئەوەی تۆبەت کرد لەگوناهەکانت و مەسیح هاتە نێو ژیانت، گەشتی ژیانی نوێت دەستی پێکرد. ژیانێکی پڕ و دەوڵەمەند و لێرژاوە. چونکە هاوڕێی گەشتەکەی تۆ و پێشەوا و شەوانەکەت خودی پەروەردگار عیسای مەسیحە، تەنها کەسە کە وێرا بەڕاستی بفەرموێت: **"من و باوك یەکین"**، هەروەها فەرمووی: **"منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان"** و فەرموویشی: **"منم هەستانەوە و ژیان، ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێ گەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە"**.

ئەوەش تەنها هەرقسە نییە، بەڵکو پێشتریش و تا ئێستاش ڕاستیەکە پێشبینیە کۆنەکانی پێغەمبەران ئاماژەیان پێکردووە. ئەوەی ئەمەشی سەلماند لەدایکبوونی سەمەرە و ژیانی بێگەردی و پەرجووی لە ڕادەبەدەر و فێرکاری سەرسامگەر و مردنی لەخاچدا و هەستانەوەی شکۆدار بوو، ئەوەی گەواهیشی بۆ دەدات هەبوونی ئێستای و کارەکانیەتی لەنێو وارگەکەی و ژیانی ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە، هەتا ئێستاش زیندووە و بە شێوازی جۆراوجۆر کارلێکی لەگەڵ ژیانی ئادەمیزاد هەیە.

ئێستا تۆ دەتوانیت مەزنترین هەنگاو بنێیت ئەویش بەنزیك بوونەوەی بەردەوام لە مەسیح تاکو زیاتر بیناسیت، هاوبەشیەکەت لەگەڵی پتەوتر بکەیت، لەمیانی خوێندنەوەیەکی ڕۆژانەی ڕێك و پێك بۆ وشە پارساکەی و هەروەها نوێژکردن لەگەڵ ئەو باوەڕدارانەی ئەویان خۆش دەوێت و لە پێناوی ئەو دەژین.

بەم شێوە بۆت دەردەکەوێ چۆن خۆشویستنەکەت بۆ ئەو و باوەڕت پێی زیاد دەبێت و هێزێکی مەزنت پێ دەبەخشێت کە پێویستیت پێی دەبێت بۆ خۆڕاگرتن بەرانبەر تەنگانە و تاقیکردنەوەکان.

ئەم شەش بەدواداچوونانە بەشێوەیەك داندراون تاکو بەشێك لەم پێویستیانەت بۆ پڕبکاتەوە و یارمەتیت بدات بۆ گەشەی ڕۆحی و زانینی بنەما بنەڕەتیەکانی ئەم ژیانە نوێیە. ئێستا دەبینیت چۆن لەو پەڕی ساکاری و ئاسانیدایە، هەروەها هەست بە سوودەکانی دەکەیت بۆ ژیانت، وەك ئەوەی ڕوویداوە لەگەڵ زۆرکەسی وەکو تۆ. کتێبی پارسا دەفەرموێت:

**﴿دەزانین ڕۆڵەی خودا هات و چاوکراوەیی پێداین تا ڕاستی بناسین، ئێمە لە ڕاستی داین، و ئێستا لەئەو دەژین، لەعیسای مەسیح ڕۆڵەکەی. ئا ئەمە خودای ڕاستی و ژیانی جاویدانیە.﴾ (١یۆحەنا٥: ٢٠).**

* دەربارەی ئەم بەدواداچوونانە :

ئامانج لە خوێندنی ئەم بەدواداچوونانە یارمەتیدانی باوەڕداری نوێ دەدات لەسەرگەشەکردن لەژیانی ڕۆحی و قووڵبوونەوە لەناسینی پەروەردگار عیسای مەسیح و چۆنیەتی ڕەوشتی کریستیانی . خوێندنی ئەم شەش بەدواداچوونانە نزیکەی ماوەی شەش حەفتە دەخایەنێت .

* ناوەڕۆکی بەدواداچوونەکان :

یەکەم بەدواداچوون : " ژیانی نوێ لەگەڵ مەسیح " .

بریتییە لە دڵنیابوون سەبارەت بە ڕزگاربوون و بەدەستهێنانی ژیانی جاویدانی .

دووەم بەدواداچوون : " ژیانی نوێ و هاوبەشی لەگەڵ مەسیح " .

بریتییە لە چۆنیەتی بەردەوامبوون لە هاوبەشیەتی لەگەڵ خودا .

سێهەم بەدواداچوون : " ژیانی نوێ و ڕۆحی پیرۆز " .

بریتییە لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن و ژیان بە هێزی ڕۆحی پیرۆز .

چوارەم بەدواداچوون : " ژیانی نوێ و گەشەکردن " .

بریتییە لەو هۆکارانەی یارمەتی باوەڕدار دەدەن بۆ گەشەکردن لەژیانی نوێ لەگەڵ مەسیح .

پێنجەم بەدواداچوون : " ژیانی نوێ و ووشەی خودا " .

بریتییە لە ڕوونکردنەوەی باشترین شێواز بۆ خوێندنەوەی ووشەی خودا .

شەشەم بەدواداچوون : " ژیانی نوێ و نوێژکردن " .

بریتییە لە واتا و بنچینەکانی نوێژ .

# چۆن باشترین سوود لەم بەدواداچوونانە وەردەگریت :

برای باوەڕداری نوێ .. ئەم بەدواداچونانە ئامادە کراوە تاکو لەگەڵ براوەڕداریکی پێگەیشتوو بیخوێنیتەوە ، دەبێ ئەم باوەڕدارە تۆی خۆش بوێ و چێژ وەرگرێت لەم یەکماڵییە لەگەڵ تۆ و بایەخت پێ بدات ، لەبەر ئەمەیە کاتت لەگەڵ بەسەر دەبات ، هیوادارین تۆش هەمان هەستت هەبێت بەرانبەر ئەو .

تاکو باشترین سوود لەم بەدواداچوونانە وەربگریت ئامۆژگاریت دەکەین ئەم خالانە رەچاو بکەیت :

. خوێندنەوەی بەدواداچوونەکە چەند جارێك و لەگەڵ لەبەرکردنی ئەو ئایەتە کتێبیانەی کە لەکۆتایی هەر بەدواداچوونێك ئاماژەیان پێکراوە ، ئەوەش دوای ئەوەی هاوڕێیەکەت بەدواداچوونەکەت لەگەڵ دەکات .

. جێبەجێکردنی تێگەیشتنە نوێ و ئایەتە کتێبیەکان لەسەر ژیانی خۆت .

. ڕا پەڕاندنی ئەو ئەرکانەی کە داوات لێدەکرێت ، وەك خوێندنەوەی چەند بەشێك لە کتێبی پارساو لەبەرکردنی ئایەتە سەرەکیەکان .

. وەڵامدانی پرسیارەکانی ئامیلکەکان دوای خوێندنەوەیان .

. بەردەوامبوونێکی ڕۆژانە لەسەر خوێندنەوەی ووشەی خودا .

. پەیداکردنی کتێبێکی پارسای تایبەت بەخۆت و بەکارهێنانی لەکاتی بەدواداچوونەکان .

. بەردەوامی لەسەر ئامادەبوون لە وانەکانی بەدواداچوونەکان لەکاتی خۆی ، چونکە ئەمە ئارەزوو و ئامادەییت دەردەخات بۆ گەشەکردن لەژیانی نوێ لەگەڵ مەسیح .

# یەکەم بەدواداچوون

## ژیانی نوێ لەگەڵ مەسیح

هەموو باوەڕهێنێك بەمەسیح دەتوانێت دڵنیابێت کە بووەتە ڕۆڵەی خودا و ژیانی جاویدانی بەدەست هێناوە ، بەبێ ئەم دڵنیاییە ئەستەمە شارەزای بەختەوەری ڕاستەقینە بێت لەژیانی خۆی . ئەمە وانەی یەکەمە لە زنجیرە نامیلکەکانی بەدواداچوونە ڕۆحیەکان ، کەوا ئامادەکراوە بۆ یارمەتیدانی باوەڕداری نوێ بۆ گەشەکردن لەژیانی خۆی . ئەم وانەیە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتنی پەیوەندیە نوێیەکەمان لەگەڵ خودا و ژیانە نوێیەکەی کە هە یمانە ، بەقبووڵکردنی مەسیح وەکو پەروەردگار و ڕزگاریدەرێك بۆ ژیانمان .

### سەرەتای ژیانی نوێمان لەگەڵ پەروەردگار عیسای مەسیح

کاتێك ( بەباوەڕ ) عیسای مەسیحت قبووڵ کرد و بانگێشتت کرد تا بێتە نێو ژیانت و ببێتە پەروەردگار و سەرورت ، ئەوا بەڕاستی هاتە نێو ژیانت وەکو لە (بینین ٣ : ٢٠ ) بەڵێنی داوە کە دەفەرموێت : ﴿ ئەوەتا من لەبەر دەرگا وەستاوم و لە دەرگا دەدەم ، گەر یەکێك گوێی لەدەنگم بوو و دەرگای لێ کردمەوە ، دێمە ژوورەوە و لەگەڵی دەژیم ، ئەویش لەگەڵ من. ﴾

**ئێستاش ...**

* ئایا بانگێشتی عیسای مەسیحت کردووە بەباوەڕ تاکو بێتە نێو دڵت وەکو ڕزگاریدەرێك؟..

* ئایا داوات لێی کردووە تاکو ببێتە سەروەری ژیانت و پەروەردگارت؟ .................

* ئێستا مەسیح لە کوێیە سەبارەت بەتۆ؟................................................

* بە پێی بەڵێنی مەسیح لە (بینین ٣ : ٢٠ ) و پشتبەستن بە سیفەتەکانی خودا لە (ژماردن ٢٣ : ١٩ ) ﴿ خودا مرۆڤ نیە تاکو درۆ بکات ، نەوەی مرۆڤیش نیە تاکو پەشیمان بێتەوە ، ئایا دەڵێت و ناکات ، یاخود قسەدەکات و نایهێنێتە جێ؟ .﴾ لەسەر چ بناغەیەك دەزانیت عیسای مەسیح هاتە نێو ژیانت ؟

.................................................................................

دوای ئەوەی عیسای مەسیحت قبوڵ کرد و بانگێشتی ئەوت کرد تاکو بێتە نێو ژیانتەوە و ببێتە پەروەردگار و گەورە و ڕزگاریدەرێك بۆتۆ، ئێستا ژیانێکی نوێت دەستپێکرد، تۆ ئێستا مەسیحیەکی ڕاستەقینەی، مەسیحی ڕاستەقینە ئەوە کەسەیە کە عیسای مەسیحی زیندوی تیادا دەژی، ووشەی "مەسیحی" واتا شوێنکەوتووی مەسیح ، یاخود لە مەسیحدا دەژی. کتێبی پارسا فێرمان دەکات کە هەرباوەڕدارێك بە مەسیح زۆرماف و نایابی بە دەست دەهێنێ ، لەوانە :

## یەکەم: پەیوەندییەکی نوێ:

تۆ چوویتە نێو پەیوەندی بەرۆڵەبوون لەگەڵ خودا لەو کاتەی باوەڕت بەعیسای مەسیح هێنا .

* بناغەی ئەم پەیوەندییە:

١. بەپێی (١یۆحەنا ٥: ٢٠) عیسا کێیە؟........................................................................

............................................................................................................

٢. بەپێی (١کۆرنتۆس ١٥: ٣) بۆچی مەسیح لەسەر خاچ مرد؟..................................................

............................................................................................................

٣. بەپێی (ڕۆما ١: ٤) هەستانەوەی مەسیح چیمان بۆ دووپات دەکاتەوە سەبارەت بە کەسایەتیەکەی؟........................................................................

............................................................................................................

٤. بەپێی (١کۆرنتۆس ١٥: ١٣-١٧) چیمان بەسەر دەهات گەر مەسیح لەنێو مردووان هەڵنەستابا؟..............................................................................

............................................................................................................

* سروشتی ئەم پەیوەندییە:

١. ئێستا دوای ئەوەی مەسیحت قبووڵ کرد و هاتە نێو ژیانت ، بوویت بەچی بە پێی:

(٢کۆرنتۆس ٥: ١٧) ..........................................................................................

(یۆحەنا ١: ١٢) ..............................................................................................

٢. لەبەر ئەوەی هەموو باوەڕداران ڕۆڵەی خودان ، پەیوەندیت لەگەڵیاندا چۆنە؟

............................................................................................................

* ئەنجامەکانی ئەم پەیوەندییە:

ژیانی نوێ کرداری "بەخششی خودایە" بەخۆڕایی دەیدات بەمرۆڤ کاتێك باوەڕ دەهێنێت بە عیسای مەسیح وەکو ڕزگاریدەرێك ، گوناهەکانیشی دەبەخشرێت .

١. بەپێی (ئەفەسۆس ٢: ٨-٩)

- مرۆڤ ئەم ژیانی نوێیە بەدەست دەهێنێت وەکو خەڵاتێك بۆ کردەوە چاکەکانی؟ (بەڵێ ، نەخێر)

............................................................................................................

- چۆن ژیانی نوێ بەدەست دەهێنیت؟..........................................................................

٢. بە پێی (کۆلۆسی١: ١٤) لەسەر چ بناغەیەك گوناهبەخشینت بەدەست هێنا؟........................

٣. بە پێی (رۆما٨: ٣٥-٣٩) شتێك هەیە بتوانێت لەمەسیح جیات بکاتەوە؟ ........................

٤. بە پێی (یۆحەنا١٠: ٢٧-٢٩) کەسێك دەتوانێت لەمەسیح دوورت بخاتەوە؟ ........................

٥. بە پێی بەڵێنی مەسیح لە ئایەتەکانی ڕابردوو کە هەرگیز بەجێت ناهێڵێت. ئایا پێویستیت بەوە هەیە لەیەك جار زیاتر بانگێشتی بکەیت بۆ ئەوەی بێتە نێو ژیانت؟..........................................................................................

**دووەم: ژیانێکی نوێ:**

**بە پێی (١یۆحەنا٥: ١١-١٣):**

- خودا چی پێداین؟ ..........................................................................
- ئەم ژیانە لە کوێ هەیە؟ ..........................................................................
- لەبەر ئەوەی ڕۆڵەکەت هەیە چی دیکەت هەیە؟ ...............................................
- سەرچاوەی دڵنیاییت چییە کە ژیانی جاویدانیت هەیە؟ .............................................

**لەکۆتاییدا ...**

**ئەم بۆشاییانە بە ووشەی گونجاو پڕبکەرەوە:**

(ژیان ، ڕۆڵە ، بەخشینی تەواو بۆ هەموو ، ووشەی خودایە ، جیام بکاتەوە).

باوەڕهێنانی کریستیانیم لەسەر بناغەی ڕاستی ............. و بەقبوولکردنم بۆ مەسیح بووم بە .............ی خودا ، من ............. گوناهەکانم بەدەست هێنا ، دڵنیام کە .............ی جاویدانیم هەیە و هیچ شتێك نیە لەمەسیح ............. .

## دەرفەتێك بۆ نوێژکردن :

حەز دەکەیت ئێستا نوێژ بکەیت تاکو سوپاسی خودا بکەیت بۆ هەموو ئەو شتانەی بۆی کردی ، چونکە نوێژی سوپاسکردن گوزارشتی باوەڕتە بە خودا .

## ئایەتەکانی لەبەرکردن :

﴿بەڵام هەموو ئەوانەی قبووڵیان کرد ، دەسەڵاتی پێدان ببن بەرۆڵەی خودا ، واتە ئەوانەی باوەڕیان بەناوی ئەو هێنا ، ئەوانەی نە لە خوێن بوون و نە بەویستی لەش و نە بە ویستی پیاو ، بەڵکو لەخودا بوو.﴾ (یۆحەنا ۱: ۱۲-۱۳) .

﴿ئەمەش گەواهیەکەیە ، خودا ژیانی جاویدانی پێداوین و ئەو ژیانەش لەرۆڵەکەی دایە . ئەوەی رۆڵەکەی هەبێت ژیانی جاویدانی دەبێت و ئەوەی رۆڵەکەی خوداشی نەبێت ، ئەوا ژیانی نابێت .﴾ (۱یۆحەنا ۵: ۱۱-۱۲) .

## پێشنیاری خوێندنەوە :

* بە وردی (یۆحەنا ۳: ۱-۲۲) بخوێنەوە .

* هانت دەدەین رۆژانە یەك بەش لە کتێبی پارسا بخوێنەوە ، بە ئینجیلی یۆحەنا دەست پێ بکە .

## ژوانی دیداری داهاتوو :

رۆژی: ........................................................ رێککەوتی:   /   / ۲۰۰

کات: ..............................................................................

شوێن: ..............................................................................

# دووەم بەدواداچوون

## ژیانی نوێ و هاوبەشی لەگەڵ مەسیح

هەموو باوەڕدارێك دەتوانێت هەنگاو هەنگاو شارەزای هاوبەشی لەگەڵ خودا بێت کاتێك دەزانێت چۆن دان بەهەر گوناهێك بنێت لەژیانیدا ، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ عیسای مەسیح شارەزابوونی ژیانە باشەکەیە ، واتە ژیانێکی پڕ و لێرژاوە .

### سەرەتای ژیانی نوێت لەگەڵ پەروەردگار عیسای مەسیح

کاتێك مەسیحت قبووڵ کرد وکو ڕزگاریدەرێك بۆ خۆت ، ئەوا پەیوەندییەکی کەسییت لەگەڵیدا دەست پێکرد . بوویت بە ڕۆڵەی خودا (یۆحەنا١ : ١٢). تۆ ئێستا هەڵگری ناوی ئەویت و بە کریستیانی ناودەبردرێیت چونکە لە تۆدا دەژی . باوەڕداران بەمەسیح هەندێك جار پرسیار دەکەن : "<u>چی ڕوودەدات کاتێك گوناه دەکەم و کارێك دەکەم خودا تووڕە دەکات؟</u>" هەندێك جاریش پرسیار دەکەن : "<u>ئایا هاوبەشیەکەم لەگەڵ خودا دە پچڕێت؟</u>" یاخود : "<u>ئایا مەسیح لە ژیانی من دەردەچیت؟</u>" بۆ وەڵامدانی ئەم پرسیارانە دەبێ جیاوازی لە نێوان پەیوەندی لەگەڵ خودا و هاوبەشی لەگەڵ خودا بزانین .

### پەیوەندی لەگەڵ خودا :

دەتوانین پەیوەندی لەگەڵ خودا و هاوبەشی لەگەڵ خودا بزانین و ڕوون بکەینەوە بەسەرنجدان لە پەیوەندی نێوان باوك لەگەڵ ڕۆڵەکەی لەخێزانێکی ئاساییدا . کاتێك منداڵ لەدایك دەبێت ، دەبێتە ڕۆڵەی باوکی ، چونکە ناوی باوکی هەڵدەگرێت و سەربە باوکێتی . گەروا دابنێین ئەم ڕۆڵە کردەوەیەکی کرد دڵی باوکی پێی غەمبار دەبێت و سەرشۆڕی بۆ دەهێنێت ، ئایا دوای ئەوە هەر ڕۆڵەی ئەو باوەکە دەمێنێت؟ <u>پەیوەندی نێوان باوك و ڕۆڵە بەردەوامە سەرەڕای کردەوەی ڕۆڵەکەش .</u>

### هاوبەشی لەگەڵ خودا :

بەڵام هاوبەشی لەنیوان باوك و ڕۆڵە چی لێی دێت؟ هەر دەبێ کردەوەی ڕۆڵەکە ببێتە هۆی پچڕانی هاوبەشی نێوان خۆی و باوکی . چی پێویستە لەسەر ڕۆڵەکە بیکات تاکو هاوبەشیەکەی لەگەڵ باوکی بگەڕێنێتەوە؟ دەبێ بگەڕێتەوە بۆ لای باوکی دان بەگوناهەکەی بنێت و داوای بەخشینی لێ بکات . ئەگەر ئەم نموونەیە لەسەر پەیوەندی ئێمە لەگەڵ خودا جێبەجێ بکەین دەبینین پەیوەندیەکەی نێوان ئێمە و خودای باوکمان بەردەوامە ، چونکە ئێمە ڕۆڵەی ئەوین و پەیوەندیەکەمان لەگەڵی هەرگیز ناگۆڕێت .
بەڵام کە گوناه دەکەین و شتانێك دەکەین ئەو پێی ڕازی نابێت ئەوا هاوبەشیەکەمان لەگەڵی دە پچڕێت ، وە هەتا ئەو هاوبەشیە لەگەڵ خودا بگەڕێنینەوە دەبێ دان بەگوناهەکەمان بنێین و داوای بەخشینی لێ بکەین . <u>هاوبەشی لەگەڵ خودا دە پچڕێت بەهۆی گوناهە .</u>

**سێ بازنە:**

**ئێستا سێ بازنە بەکاردەهێنین بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی لەنێوان پەیوەندی و هاوبەشی لەگەڵ خودا . یەکە مجار ( ١کۆرنتۆس٢ : ١٤ تا ٣ : ٣ ) بخوێنەوە ئینجا وەڵامی گونجاو بۆ پرسیارەکان بنووسە .**




*** سیفەتی ئەو مرۆڤە کە لە ( ١کۆرنتۆس٢ : ١٤ ) باسکراوە چییە؟**

١. ..........................

**( ئەوەی باوەڕی بەمەسیح نییە )**

*** ئایا پەیوەندی یاخود هاوبەشی لەنێوان ئەم مرۆڤە و خودا هەیە؟ ( هێمای ڕاست دابنێ )**

٢. بەیوەندی: بەڵێ ..... نەخێر .....

٣. هاوبەشی: بەڵێ ..... نەخێر .....




*** سیفەتی ئەو مرۆڤە کە لە (١کۆرنتۆس٢ : ١٥) باسکراوە چییە؟**

٤. ........................

**( مەسیح سەروەرە لەسەر ژیان )**

*** ئایا پەیوەندی یاخود هاوبەشی لەنێوان ئەم مرۆڤە و خودا هەیە؟ ( هێمای ڕاست دابنێ )**

٥. بەیوەندی: بەڵێ ..... نەخێر .....

٦. هاوبەشی: بەڵێ ..... نەخێر .....




*** سیفەتی ئەو مرۆڤە کە لە (١کۆرنتۆس٣ : ١ - ٣) باسکراوە چییە؟**

٧. ......................

**( خود سەروەرە لەسەر ژیان )**

*** ئایا پەیوەندی یاخود هاوبەشی لەنێوان ئەم مرۆڤە و خودا هەیە؟ ( هێمای ڕاست دابنێ )**

٨. بەیوەندی: بەڵێ ..... نەخێر .....

٩. هاوبەشی: بەڵێ ..... نەخێر .....

**مرۆڤی جەستەیی لە بازنەی سێهەم دەتوانێت هاوبەشیەکەی لەگەڵ خودا بگەڕێنێتەوە ، ئەوەش بەدان پێدانان بە گوناهەکەی کە بووە هۆی پچڕانی ئەو هاوبەشیە . دانپێدان بەگوناهیش سێ شت دەگەڕێتەوە:**

١ ) ڕێککەوتن . ٢ ) سوپاسکردن . ٣ ) تۆبەکردن .

کاتێك دان بەگوناهەکانمان دەنێین ئەوا لەگەڵ خودا ڕێك دەکەوین لەسەر ئەوەی کردمان گوناهە بوو . هەروەها سوپاسی خودا دەکەین چونکە عیسای مەسیح کەفارەتی ئەم گوناهەی دا بەمردنی لەسەر خاچ لەجیاتی ئێمە . تۆبەکردنیش واتە گۆڕینی ئەو هەڵوێست و ئاراستەیەی کە دەبێتە هۆی گۆڕینی کردەوە و هەڵسوکەوتەکان .

پێویستە لەسەر باوەڕدار بزانێت کە گوناهێك دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ژیانەکەی ژێردەسەڵاتی خود ، ئەوکاتە دەبێ دەستبەجێ دان بەگوناهەکەیدا بنێت تاکو دیسان هاوبەشیەکەی لەگەڵ خودا بگەڕێنێتەوە .

**ئەوە چۆن دەبێت ؟ ..**

**بە پێی (١یۆحەنا ١: ٩)**

- ئەم ئایەتە چ ڕاسپاردەیەکمان پێ دەدات سەبارەت بە گوناهەکانمان؟ ...........................

- خودا چ بەڵێنێکمان پێ دەدات کاتێك دان بەگوناهەکانمان دەنێین؟ ...........................

**لەکۆتاییدا ...**

هەندێك شتی نوێ بنووسە کە لەمیانەی خوێندنەوەی ئەم بەدواداچوونە فێری بوویت .

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

**دەرفەتێك بۆ نوێژكردن:**

ئایا حەز دەكەیت ئێستا نوێژ بكەیت تاكو سوپاسی خودا بكەیت بۆ هەموو ئەو شتانەی بۆی كردی ، چونكە نوێژی سوپاسكردن گوزارشت لە باوەڕت دەكا بەخودا.

**پێداچوونەوە:**

كەی هاوبەشیی باوەڕدار لەگەڵ خودا دەپچڕێت ؟

..................................................................................................................................

چۆن ئەم هاوبەشییە دەگەڕێنێتەوە لەگەڵ خودا ؟

..................................................................................................................................

**ئایەتەكانی لەبەركردن:**

﴿گەر دانمان بەگوناهەكانمان نا ، ئەوا ئەو ئەمین و دادپەروەرە ، لە گوناهەكانمان خۆش دەبێت و لە هەموو خراپەیەك بێگەردمان دەكات.﴾ (١یۆحەنا١: ٩) .

﴿مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت ئەوە قبووڵ بكات كە هی ڕۆحی خودایە ، چونكە لای ئەو نەزانییە و ناتوانێت لێی تێبگات . لەبەر ئەوە لە لایەن ڕۆح حوكمی بەسەردا دەدرێت . بەڵام مرۆڤی ڕۆحی حوكم بەسەر هەموو شتێك دەدات ، لە لایەن كەس حوكمی بەسەردا نادرێت.﴾ (١كۆرنتۆس٢: ١٤-١٥).

**پێشنیاری خوێندنەوە:**

(١یۆحەنا ١)

بەردەوام بە لەخوێندنەوەی ئینجیلی یۆحەنا بەشەكانی ٨ تاكو ١٤ ڕۆژی یەك بەش .

**ژوانی دیداری داهاتوو:**

ڕۆژی: ..................................................... ڕێككەوتی: / / ٢٠٠

كات: .....................................................

شوێن: ..............................................................................

## سێیەم بەدواداچوون

# ژیانی نوێ و ڕۆحی پارسا

( ئەم وانەیە لەمیانەی نامیلکەی
" دۆزینەوە مەزنەکە؟ پڕبوون لە ڕۆحی پارسا :
دەخوێندرێت ) دەتوانیت هەموو ڕۆژێکی ژیانت بیکەیت بەسەرچڵیەکی خرۆش و ناوازە کاتێك واتای پڕبوون لەڕۆحی پارسا تێدەگەیت ، هەروەها بڕیار دەدەیت چرکە بە چرکە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بژیت .

**قوتابیەکان و ڕۆحی پارسا :**

ماوەی سێ ساڵ قوتابیەکان لەگەڵ مەسیح ژیان ، لەگەڵی ڕێیانکردو قسەیانکرد ، لێی فێربوون ، لەنزیکەوە ناسیان ، باوەڕیان پێی هێنا و خۆشیان ویست . بەڵام شەوێکیان هات و هەواڵی هەراسانگەری بۆ هێنابوون ، کە پێی گوتن وا دەمرێت .

خۆت لەشوێنی ئەو قوتابیانە دابنێ . هەستت بەچی دەکرد؟ ئایا نەدەترسای و بێ ئومێد و بێ هێز نەدەبووی؟ ئەوانیش بەم شێوەیە بوون . بەڵام بیر لە سەرسوڕمانی ئەو قوتابیانە بکەوە کاتێك پەروەردگار عیسا پێی گوتن : " بۆ ئێوە باشترە من بڕۆم... " چونکە دوای بەرزبوونەوەی هاوکارێکی تری وەك خۆی دەنێرێت و تاهەتایە لەگەڵیان دەمێنێتەوە ، ئەم هاوکارەش ڕۆحی پارسایە .

شتە سەرسامگەرەکە ئەوە بوو عیسا بەقوتابیەکانی گوت کە ڕۆحی پارسا تیایاندا نیشتەجێ دەبێت . بەڵکو لەوە زیاتر گوتی تاهەتایە لەگەڵیان دەمێنێتەوە . بیر لەم ناکاوییە هاندەرە بکەوە بۆ قوتابیەکان ، ئەوەتا خودا ماڵێك بۆ خۆی دروست دەکات لەژیانی هەرکەسێك قبووڵی بکات و خوشی بوێ . مەبەستی سەرەکی لە ناردنی ڕۆحی پارسا تواناداان بەقوتابیەکانە تاکو بتوانن ژیانی کریستیانی سەرکەوتوو بژین و بەهێزی ڕۆحی پارسا ڕاژەی خودا بکەن نەك بەهێزی خۆیان .

**تۆ و ڕۆحی پارسا :**

بەم شێوە کاتێك پەروەردگار عیسای مەسیح داوامان لێ دەکات بەشوێن پیچی ئەودا بچین و کاربکەین بۆ تەواوکردنی فەرمانەکە کە پێمانی سپاردووە ، ئەو داوایەکی ئەستەم ناکات ، بەڵکو ئەو بە ڕۆحی پارسا بەخۆی و دەسەڵات و هێزەکەی تیاماندا دەژی و توانامان پێ دەدا تاکو داواکاریەکەی ئەنجام بدەین . هەرکەسێکی هەوڵیدا بەتەنیا ژیانی کریستیانی بۆ خۆی بژیت ، تێکشکا ، چونکە پەروەردگار عیسا تەنها خۆی دەتوانێت تیاتدا بژیت تاکو ژیانێکی وەك ژیانی عیسات هەبێت و ڕەوشتی عیسات هەبیت .

کاتێك هەوڵ دەدەین ژیانێکی ڕەوشت بەرزانە بژین ، تەنها باوەڕدارییە کەوا ناهێڵێت بکەویتە نێو نائومێدی و تێکشکان ، **چونکە تاکە کەس کە توانی بگاتە ئەو پێوەرە نائاساییانە خۆی نمایشی یارمەتیمان بۆ دەدات بۆ بەهێنانەدی داواکاریەکانی .**

هەر کە مەسیح چووە نێو ژیانی مرۆڤێك ئەوا توانای پێ دەدات تاکو لەنێو و لەمیانی ژیانی ئەودا بژیت . ئەم ژیانەش فەراهەمە بۆ هەموو کەسێك .. ئایا ئەمە شتێکی جوان و پوخت نییە؟ بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە " چۆن دەکرێت مەسیح لەنێو مندا بژیت؟ "

**ئێستاش ...**

با پێکەوە نامیلکەی "پڕبوون لەڕۆحی پارسا " بخوێنینەوە کە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوومان دەداتەوە .

* دوای ئەوەی نامیلکەکەت خوێندەوە ، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. باوەڕداری جەستەیی پشت بەچی دەبەستێت لەژیانیدا؟ ( لا پەڕە ٨، برگەی یەکەم ).

..................................................................................................................

٢. باوەڕداری ڕۆحی پشت بەکێ دەبەستێت لە پێشەوایی کردنی ژیانی خۆی؟ ( لا پەڕە ٧ دێری شەشەم ).

..................................................................................................................

باوەڕداری ڕۆحی دەبێت بەباوەڕداری جەستەیی کاتێك دان بەو گوناهانە نانێت کە لە ژیانی هەیە.

٣. دوو هۆکارەکەی هەناسەدانی ڕۆحی چین؟ ( لا پەڕە ١٦ ).

..................................................................................................................

٤. کرداری هەناسەدانەوە سێ شت دەگرێتە خۆی ، ئەوانە چین؟ ( لا پەڕە ١٦ ).

..................................................................................................................

٥. هەناسەوەرگرتن واتای چییە؟ ( لا پەڕە ١٦ ).

..................................................................................................................

٦. دەتوانین بزانین کە پڕبووینە لەڕۆحی پارسا بەو باوەڕەی کە دەوەستێتە سەر: ( لا پەڕە ١٤ ).

..................................................................................................................

**دەرفەتێك بۆ نوێژكردن:**

**سوپاسی پەروەردگار بكە لە پێناو:**

..............................................................................................

**داواكاریەكان:** ..............................................................................

**ئایەتەكانی لەبەركردن:**

﴿خۆتان بەمەی سەرخۆش مەكەن ، ئەوەی ئابڕووتكانی تێدایە ، بەڵكو خۆتان بەڕۆح پڕ بكەن.﴾ (ئەفەسۆس ٥: ١٨).

﴿كاتێك ئێوە ڕۆحی پاراستان بەسەردا ئاوێتە دەبێ هێز بەدەست دێنن و دەبن بەگەواهیدەر بۆ من لە ئۆرشەلیم و هەموو جولەكەستان و سامیرە و تا ئەوپەڕی زەوی.﴾ (كردارا ١: ٨).

**پێشنیاری خوێندنەوە:**

خوێندنەوەی ئینجیلی یۆحەنا تەواو بكە بەشەكانی ١٥ تاكو ٢١.

**ژوانی دیداری داهاتوو:**

ڕۆژی: .............................................................. ڕێككەوتی: / / ٢٠٠

كات: ........................... شوێن: ..................................................................

# چوارەم بەدواداچوون

## ژیانی نوێ و گەشەکردن

قبووڵکردنت بۆ عیسای مەسیح وەکو ڕزگاریدەر و پەروەردگار گرنگترین بڕیار بوو لە هەموو ژیانت ، هەروەها قبووڵکردنت بۆ عیسای مەسیح بە باوەڕ بەتەواوی سەرەتای ژیانێکی نوێیە . هەروەك چۆن ژیانی سروشتی پێویستی بە هەواو خۆراك و حەسانەوە و وەرزش هەیە ، ژیانی ڕۆحیش پێویستی بە خۆراك و گەشەکردن هەیە .

**بنەما سەرەکیە پێویستەکانی گەشەکردن لە مەسیحدا**

کاتێك عیسای مەسیحت قبووڵ کرد وەکو ڕزگاریدەر و پەروەردگاری خۆت ، بوویت بە یەکێك لە خانەوادەی خودا . ئێستا خودا هەموو دەرامەتەکانی خۆی دەخاتە بەردەستت تاکو یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی ژیانێکی باوەڕدارانەی وا بژیت لێی برژێتەوە .

گەشەکردنی ڕۆحی دەرئە نجامی ژیانی متمانەی بەردەوامە بە خودا لە عیسای مەسیح . کتێب دەفەرمووێت: «پاکبووەوە بەباوەڕ دەژی.» (غەلاتیە ٣ : ١١) .

ژیانی باوەڕ توانات پێدەدات بۆ متمانەی بەردەوام بەخودا لە عیسای مەسیح لە هەموو بوارەکانی ژیانت. خۆراکی ڕۆحی پێویست بۆ گەشەکردنی باوەڕ فەراهەم دەبێت بە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

* نوێژکردن .
* خوێندنەوەی ووشەی خودا .
* گوێڕایەڵی .
* هاوبەشی باوەڕداران .

**١. نوێژکردن:**

نوێژ قسەکردنە لەگەڵ خودا . زۆر جار تێکشکان لە ژیانی باوەڕداری دەگەڕێتەوە بۆ نوێژنەکردن .

*(فیلیپی ٤ : ٦-٧) بخوێنەوەو وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

- خودا داوا لێمان دەکات چی بکەین؟

..............................................................................................................................................

- ئەوشتانە چین کە دەبێ لە پێناویاندا نوێژ بکەین؟

..............................................................................................................................................

- خودا بەڵێنمان پێ دەدات شارەزایی چی بێ کاتێك نوێژ لە پێناوی هەموو شتێك دەکەین؟

..............................................................................................................................................

- کەواتە ... مرۆڤ لەگەڵ خودا دەدوێ بەهۆی

خودا

نوێژ ↑

مرۆڤ

( ڕۆژانە قسەکردن لەگەڵ خودا گرنگە بۆ بەدەستهێنانی هێز لە ئەو )

**٢. خوێندنەوەی ووشەی خودا.**

هەروەك چۆن خۆراك گرنگە بۆ ژیانی جەستەیی ، بەبێ خۆراك لەش لاواز و نەساغ دەبێت ، ووشەی خوداش خۆراکی ڕۆحیمانە و هیچ شتێك جێی ئەو ناگرێتەوە .

خودا

ووشەی خودا ↓

مرۆڤ

( دەبێ ڕۆژانە ووشەی خودا بخوێنینەوە بۆ بەدەستهێنانی هێز لە ئەو )

* بە پێی (٢تیمۆتاوس٣ : ١٦-١٧) خوێندنەوەی ڕۆژانە بۆ ووشەی خودا سودبەخشە بۆ:.......................................................................................................

* چۆن باوەڕ گەشەدەکات؟ (ڕۆما١٠ : ١٧). .......................................................

* دەبێ کەی کتێبی پارسا بخوێنینەوە؟ (کردار١٧ : ١١)...............................................

کاتێك ووشەی خودا " کتێبی پارسا " دەخوێنینەوە ، خودا لەگەڵمان دەدوێ وەك لە وێنەکەدا دیارە ، کاتێك نوێژدەکەین ، ئێمە لەگەڵ خودا دەدوێن ، ئێمە پێویستیمان بەوەیە بەردەوام و بە ڕێکی هەردووکیان پێکەوە ئەنجام بدەین،کەواتەخودالەگەڵمرۆڤ دەدوێ لەڕێگەی :

.......................................................................................................

**٣. گوێڕایەڵی:**

گوێڕایەڵیمان بۆ خواستی خودا کلیلی گەشەکردنی ژیانی باوەڕدارییە، نابێ تەنها هەر گرنگی نوێژکردن و خوێندنەوەی ووشەی خودا بزانین ، بەڵکو دەبێ لە ژیانماندا جێبەجێی بکەین . (یاقوب١ : ٢٢) بخوێنەوەو وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

- بە پێی ئەم ئایەتە، ئایا خوێندنەوەی ووشەی خودا بەسە؟

.......................................................................................................

- دوای خوێندنەوەی ووشەی خودا دەبێ چی بکەیت؟ ..............................................

- چۆن خۆشویستنمان بۆ عیسای مەسیح دەردەبڕین؟ (یۆحنا١٤ : ٢١). ...................................

. هاوبەشی باوەڕداران :

دوای باوەڕ پێویستیمان بەوە هەیە هاندان و بەهێزکردن و پاڵپشتی یەکتری بکەین . پشکۆی خەڵوز بە هەڵگیرساوی نامێنێتەوە گەر دووری بخەینەوە لە پشکۆکانی دیکە . تاکو لە لایەنی ڕۆحی هەڵگیرساو بین دەبێ بەردەوام بین لە ئامادەبوون بۆکۆبوونەوەکانی وارگە ( کەنیسە ) و هەروەها بەردەوامبوون لە پەیوەندی و هاوڕێیەتیمان لەگەڵ باوەڕدارانی دیکە ، چونکە لەشی مەسیح یەکە .

- ڕواڵەتی هاوبەشییەکە چۆن بوو لە وارگەی یەکەم ؟ ( کردار ٢ : ٤٤ ).

.................................................................................................

- وارگە یەکەمەکەی مەسیح چی دەکرد؟ ( کردار ٢ : ٤٢ ).

.................................................................................................

- سەبارەت بە ئامادەبوونی کۆبوونەوەکان ، کتێبی پارسا چ ڕاسپاردەیەکی هەیە بۆ ئێمە؟ ( عیبرانیەکان ١٠ : ٢٥ ).

.................................................................................................

لەکۆتاییدا ...

١. لە خوێندنەوەی پێشوودا ، ئەو بنەما سەرەکیانەی کە یارمەتیمان دەدەن بۆ گەشەکردن لە مەسیحدا چین؟

أ) .................................................................................................

ب) .................................................................................................

ج) .................................................................................................

د) .................................................................................................

٢. ئە نجامی پەیڕەوکردنی ڕاسپاردەکانی مەسیح چییە؟ ( یۆحەنا ١٥ : ١٠ ).

.................................................................................................

٣. لەکوێوە هێز بەدەست دەهێنین بۆگوێڕایەڵی کردنی خودا؟ ( فیلیپی ٢ : ١٣ ).

.................................................................................................

٤. چۆن ئەو هێزە دەدۆزینەوە تاکو لە باوەڕدا بە بەهێزی بمێنینەوە؟ ( کردار ٢ : ١ ).

.................................................................................................

# زۆر گرنگە

## تەنیاگەری( خەڵوەت ) لەگەڵ خودا

دوای ئەوەی گرنگی نوێژکردن و خوێندنەوەی ڕۆژانەی ووشەی خودام زانی
بەرانبەر خودا پابەند دەبم کە ڕۆژانە .......... کاتژمێر تەرخان بکەم بۆ نوێژکردن و
خوێندنەوەی کتێبی پارسا
لەکاتژمێری ..........وە تاکو کاتژمێری ..........

**دەرفەتێك بۆ نوێژکردن:**

ئایا حەز دەکەیت ئێستا نوێژ بکەیت تاکو سوپاسی خودا بکەیت بۆ ئەوە زانینەی لەم بەدوادا چوونەدا فێربوویت؟
لەیاد نەکەی نوێژی سوپاسکردن دەربڕینە لە باوەڕت .

**ئایەتەکانی لەبەرکردن:**

﴿ لەمندا جێگیر بن و منیش لەئێوە . چۆن لق ناتوانێت لەخۆیەوە بەرهەم بێنێت ، گەر لەمێوەکە جێگیر نەبێت ، بەم شێوەیە ئێوەش ناتوانن گەر لەمندا جێگیر نەبن .﴾ (یۆحەنا ١٥: ٤) .

﴿ هەموو کتێبی پارسا لە خوداوە بە سرووش هاتووە ، سوودبەخشە بۆ فێرکرکاری و ئاگادارکردنەوە و هێنانەوەجێ و ڕەوشتدادان ئەوەی لە پاکییە ، تاکو مرۆڤی خودا تەواو و ئامادەباش بێت بۆ هەموو کارێکی باش .﴾ (٢ تیمۆساوس ٣: ١٦-١٧) .

**پێشنیاری خوێندنەوە:**

* ئینجیلی یۆحەنا بەشی ١٥.

* ئامۆژگاریت دەکەین کتێبی " نانی ڕۆژانە " یاخود " کانیەکانی بیابان " بخوێنیتەوە ، کەوا بریتیە لە سەرندانێکی ڕۆژانە لە کتێبی پارسا .

**ژوانی دیداری داهاتوو:**

ڕۆژی: .......................................................... ڕێککەوتی: / / ٢٠٠

کات: ..........................................................................................

شوێن: ..........................................................................................

# پێنجەم بەدواداچوون

# ژیانی نوێ و ووشەی خودا

کتێبی پارسا ووشەی خودایە و بە سرووش بۆ مرۆڤ هاتووە. خودا دەیەوێ زۆر شت بەمرۆڤ بگەیێنێت تا بیدۆزێتەوە و بیزانێت ، ئەم شتانەش نادۆزرێتەوە گەر لەمیانی (کتێبی پارسا) نەبێت ، چونکە ووشەی خودا کەسایەتی و سیفەتەکان و شێوازی مامەڵەکردنی خودا لەگەڵ ئادەمیزاد و پلانەکەی بۆ ژیانی مرۆڤ دەردەخات .

## ژیانی نوێ و ووشەی خودا

بەدرێژایی مێژوو خودا ویستی پەیوەندی بە خەڵقەندەکەی خۆیەوە بکات کە ئادەمیزادە . لەکۆندا خودا لەگەڵ کەسانێك دوواوە کە هەڵیبژاردوون بۆ ئەوەی ووشەکانی تۆمار بکەن ، ئەوەی بەهۆی رۆحی پارسا بەسرووش بۆی ناردن (٢ پەترۆس١ : ٢١) ، پاشان بە رۆڵەکەی قسەی لەگەڵ کردین ، ووشەکەی ئەوەی بووە مرۆڤ (یۆحەنا١ : ١٤) ، خودا ئەرکی دا بەخەڵکانێك تاکو ژیانی عیسای مەسیح و فێرکاری و کردار و مردن و هەستانەوەکەی ئەومان بۆ تۆمار بکەن . کتێبی پارسا بە هەردوو پەیمانەکەی کۆن و نوێ تۆمارێکی تەواوە بۆ مامەڵەکرنەکانی خودا لەگەڵ ئێمە ، خودا ئەمەی خەڵات کردین تاکو یارمەتیمان بدات بۆ ناسین و هاوبەشیکردن و پەرستنی ئەو .

## گرنگی خوێندنەوەی ووشەی خودا :

کتێبی پارسا باشترین کتێبە کە شایستەی خوێندنەوە و خوێندن و سەرنجدانە ، زۆر لەباوەڕداران گرنگییەکەی بۆ ژیانی خۆیان نازانن ، چونکە پەیوەندیەکی ڕاست بەخودا دەوەستێتە سەر خوێندنی ووشەکەی و تێگەیشتنی و بەجێهێنانی لە ژیانی ئێمە . ﴿ هەموو کتێبی پارسا لە خوداوە بە سرووش هاتووە ، سوودبەخشە بۆ فێرکاری و ئاگادارکردنەوە و هێنانەوەجێ و ڕەوشتدادان ئەوەی لە پاکییە . ﴾ (٢ تیمۆساوس٣ : ١٦).

## چۆنیەتی خوێندنی ( دراسەکردن ) ووشەی خودا :

دەبێ بزانیت خوێندنی ووشەی خودا وەك خوێندنی کتێبێکی تر نییە ، چونکە کتێبی پارسا ووشەی خودایە کە بە سرووش بۆ مرۆڤ هاتووە . تاکو سوود وەربگریت لە خوێندنەکەت لە کتێب ، دەبێ بە پیری وەبچیت و لەهزرتدا ئەوە هەبێت کە ئەمە پەیامی خودایە تایبەت بۆ تۆ . بۆیە پێش خوێندنی ووشەکەی داوا لە خودا بکە هزر و دڵت بکاتەوە بۆ تێگەیشتنی ووشەکەی و هەڵکردن لەگەڵی .

## هەنگاوەکانی خوێندنی ووشەی خودا :

بێجگە لە کتێبە پارساکەی خۆت ، هانت دەدەین پێنووس و پەڕاوێکی تایبەت بە خۆت پێبێت بۆ نووسینی تێبینیەکانت . شوێنێکی هێمن هەڵبژێرە بۆ خوێندن ، نوێژبکە و داوا لە خودا بکە بەڕۆحی خۆی پێشەواییت بکات بۆ خوێندنی ووشەکەی .

ئەم خوێندنە سێ هەنگاو بە خۆیەوە دەگرێت :

* تێبینی . * ڕاڤەکردن . * بەجێهێنان .

### ١. تێبینی :

ئاما نجی ئەم هەنگاوە بیرکرنەوەیە لە دەقی کتێب بۆ زانینی بابەتەکەی ، باشتر وایە چەند جارێك دەقەکە بخوێنیتەوە تا بتوانیت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە :

- ئەم دەقە دەیەوێ چی بڵێت ؟

### ٢. ڕاڤەکردن :

ئاما نجی ئەم هەنگاوە وەڵامدانی ئەم دوو پرسیارەیە :

- واتای ئەم دەقە چییە ؟
- ئەم دەقە چیمان فێردەکات دەربارەی خودا و مرۆڤ؟

### ٣. بەجێهێنان :

ئاما نجی هەنگاوی سێیەم وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە : " چۆن ئەم دەقە بەجێبهێنم لە ژیان خۆمدا ؟ "

ئەمەش بەرەو ئەم پرسیارانەی خوارەوەمان دەبات :

- ئایا لەنێو ئەم دەقەدا ڕاسپاردەیەك هەیە دەبێ من گوێڕایەڵی بم ؟
- ئایا گوناهێك لەژیانی مندا هەیە دەبێ دانی پیدا بنێم؟
- ئایا ئاراستە و حەزی هەڵەیەکم هەیە کەوا پێویستە بیگۆڕم؟
- ئایا نموونەیەکی بۆمن هەیە تا بیکەمە پەند بۆ خۆم؟
- ئایا بەڵێنێکی لەخوداوە تێدایە تا بتوانم داوای بکەم؟
- ئەم شتە نوێیە چیە لەمیانی ئەم دەقە فێری بووم؟

* نموونە :

ئەم نموونەیە شێوازی بەجێهێنانی سێ هەنگاوەکە ڕوون دەکاتەوە لەسەر دەقی (١پەترۆس٥: ٧):

- دەقی کتێبی ( دەقەکە بنووسە ):

﴿هەموو خەمەکانتان بخەنەسەر ئەو ، چونکە ئەو بایەختان پێدەدات .﴾ - تێبینی ( بابەتی دەقەکە ):

١. واتای ووشەی بخەنەسەر چییە؟

٢. خەم چییە ؟

٣. خەمەکان دەخەینە سەر کێ؟

٤. بۆچی دەبێ خەمەکانمان بخەینە سەر ئەو؟

- ڕاڤەکردن ( واتای دەقەکە یاخود وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەکاتی تێبینیکردن ):

١. دەخەینەسەر : فرێی دەدەینە دوور .

٢. خەم : گیروگرفت و تەنگژییەکان .

٣. خەمەکانمان دەخەینە سەر خودی خودا .

٤. خەمەکانمان دەخەینە سەر خودا چونکە بایەخمان پێدەدات .

- بەجێهێنان ( چۆن ئەم دەقە بەجێبهێنم لە ژیانی خۆم؟ ):

١. نابێ نیگەران بم بەهۆی ڕووبەڕووبونەوەی هەر کێشەیەك لەژیانمدا .

٢. دەتوانم نوێژبکەم بەباوەڕ کە خودا یارمەتیم دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان چونکە بایەخ و گرنگیم پێدەدات .

* ڕاهێنان :

(یۆحەنا١٥: ١٠، ١٢) بخوێنەوە و سێ هەنگاوەکە بەهەمان شێوە بەکاربهێنە . داوا لەخودا بکە لەمیانەی ئەم دەقە قسەت بۆبکات ، دەتوانیت ئەم نموونەیە بەکاربهێنیت :

- دەقی کتێبی ( دەقەکە بنووسە ):

* (یۆحەنا١٥: ١٠) ..........................................................................................

* (یۆحەنا١٥: ١٢) ..........................................................................................

- تێبینی ( بابەتی دەقەکە ): ..........................................................................

- ڕاڤەکردن ( واتای دەقەکە یاخود وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەکاتی تێبینیکردن ):

..........................................................................................................

- بەجێهێنان ( چۆن ئەم دەقە بەجێبهێنم لە ژیانی خۆم؟ ):

..........................................................................................................

**لەکۆتاییدا ...**

**تەنیاگەریی ڕۆژانە:** بەردەوام بە لە کات بەسەر بردن لەتەنیاگەری ڕۆژانە بەهەمان شێوەی حەفتەی ڕابردوو ، ئینجیلی یۆحەنا تەواو بکە بەهاوکاری ئەم بەدوادا چوونەوە لە خوێندن بۆ ووشەی خودا ، ئامۆژگاریت دەکەین پەڕاوی تێبینیەکان بەکاربهێنی .

**ئایەتەکانی لەبەرکردن:**

﴿ووشەی پێغەمبەرانمان هەیە و ئەوەی سەلماندی کەوا چاك دەکەن گەر ئاگاداری بن وەك بۆ چرایەکی درەوشاوە لەشوێنێکی تاریك ، تا گزنگ دەدات و ئەستێرەی بەیانی لەدڵتان دەردەکەوێت . لەپێش هەموو شتێك ئەوە تێبگەین ، کە هەموو ووشەیەکی کتێب لە ڕاڤەی تایبەت نییە ، هەرگیز هیچ ووشەیەك بەخواستی مرۆڤ نەهاتووە ، بەڵکو خەڵکە پارساکانی خودا قسەیان کردووە بە ڕۆحی پارسا ئاراستە کراون .﴾ (٢پەترۆس١: ١٩-٢١).

**ژوانی دیداری داهاتوو:**

ڕۆژی: ................................................ ڕێککەوتی: / / ٢٠٠

کات: ................................................................................................

شوێن: ..............................................................................................

# ژیانی نوێ و نوێژکردن

نوێژ قسەکردنە لەگەڵ خودا ، باوەڕدار لە پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودا تایبەمەندی هەیە .

(یۆحەنا١٤ : ٦) ، ئەگەر ژیانێکی باوەڕداری گەشەکردوومان بوێ دەبێ فێربین چۆن لەگەڵ خودا بدوێین .

بەنوێژکردن دەتوانین هەموو هاوردەکانی خودا بەدەست بهێنین لەعیسای مەسیح .

## گرنگی نوێژکردن :

بۆ هاوبەشییەکی زیندوو دەبێ پەیوەندی لەنێوان خودا و باوەڕدار هەبێت . ئەگەر تەماشای ژیاننامەی پیاوانی خودا بکەین لە کتێبی پارسا ، دەبینین بە ڕوونی پەیوەندی نێوان خۆیان و خودا گرنگ بووە . کاتێك ئەو پیاوانە بەنوێژکردن بەردەوام بوون لەسەر قسەکردن لەگەڵ خودا ژیانی ڕۆحییان بووژاوە و گەشەکردوو بووە ، هەر کاتێك ئەم لایەنەیان پشت گوێ بخستایە ئەوا ژیانی ڕۆحییان دەبووە شکست و دۆڕان و پڕ لە کێشەیی .

ئەم شتە ئەمڕۆ لەژیانی ئێمە جێبەجێ دەبێ خودا بەهۆی ووشە زیندووەکەی خۆی (کتێبی پارسا) قسەمان لەگەڵ دەکات . ئەگەر ژیانێکی باوەڕدارانەی سەرکەوتوومان ویست دەبێ فێربین لەمیانی نوێژکردندا چۆن لەگەڵ خودا قسەبکەین .

## نوێژکردن لەژیانی پەروەردگار عیسا :

نوێژکردن پێکهاتەیەکی سەرەکی بوو لەژیانی پەروەردگار عیسای مەسیح لەو ماوەی لەسەر زەوی بوو ، نوێژی دەکرد تاکو چێژ وەرگرێت لەهاوبەشییەکەی لەگەڵ باوك ، دەتوانین بڵێین ژیانی ئەو لەسەر زەوی بریتی بوو دایەلۆگ لەگەڵ خودای باوك . نوێژکردن بڕبڕەی ژیان و ڕازەکردنی مەسیح بوو ، ئێمەش پێویستە لەسەرمان لێی فێربین و لاسایی ئەو بکەینەوە .

## پێکهاتەکانی نوێژ:

نوێژکردن ئەم پێکهاتانە لەخۆدەگرێت :

أ ) دان نان بەگوناهەکان : ڕێککەوتن لەگەڵ خودا کەوا ئەوەی کردووتە هەڵە بووە .

. بە پێی (زەبووری٦٦ : ١٨) هەڵوێستی خودا چی دەبێ لەنوێژەکەم گەر گوناهێکم هەبێ و دانم پێدانەنابێ؟

.............................................................................................................

٢ . بە پێی (١یوحەنا١ : ٩) بەڵێنی خودا چییە سەبارەت بەگوناهەکانمان گەردا نمان پێدانا؟

.............................................................................................................

* لەبیرت بێت کە دانپێدانان بە گوناهە سێ شت دەگرێتەوە :

- ڕێککەوتن لەگەڵ خودا کە ئەوەی کردووتە گوناهە بوو .
- سوپاسکردنی خودا چونکە عیسا لەگوناهەکانی ئێمەی بەخشی بە مردنەکەی خۆی لەسەر خاچ .
- تۆبەکردن ، واتە گۆڕینی ئاڕاستە و هەڵوێستەکان کەوا کردار و ڕەفتارمان لەگەڵیدا دەگۆڕێت .

ب ) پەرستن: ڕاوەستان لەحزووری خودا و خۆسپاردنێکی تەواو بۆ ئەو .

١. بە پێی (ڕۆما١٢: ١) خودا داوامان لێ دەکات چۆن بیپەرستین؟

..........................................................................................................................

٢. بە پێی (زەبووری٩٥: ٧) بۆچی خودا دەپەرستین؟

..........................................................................................................................

ج ) ستایشکردن: سوپاسکرنی خودا لە پێناو خود و سیفەتەکانی ئەو .

١. بە پێی (زەبووری١٣٥: ٣) بۆچی ستایشی خودا دەکەین؟

..........................................................................................................................

٢. بە پێی (١هەواڵی ڕۆژانە٢٩: ١١، ١٢) دەقی کتێب چۆن وەسفی کەسایەتی خودا دەکات؟

..........................................................................................................................

د ) سوپاسکردن: سوپاسی خودا دەکەین لە پێناو چاکە و میهرەبانی و کار و خواستە چاکەکەی سەبارەت بە ئێمە .

١. بە پێی (زەبووری١٠٦: ١) پێویستە چی بکەین؟ ..........................................................

بۆچی؟ ..........................................................................................................

٢. بە پێی (١سالۆنیك٥: ١٨) سەبارەت بەچی سوپاسی خودا بکەین؟

..........................................................................................................................

٣. بە پێی (ڕۆما٨: ٢٨) بۆچی دەبێ لە پێناوی هەموو شتێك سوپاسی خودا بکەین؟

..........................................................................................................................

ه ) ڕووکردنە خودا لە پێناو دابینکردنی پێداویستیەکانمان:

١. بە پێی ئەم ئایەتانەی خوارەوە ، کەی پەروەردگار وەڵامی داواکاریەکانمان دەداتەوە:

- (زەبووری٣٧: ٤)..........................................................................................

- (١یۆحەنا٥: ١٤) ..........................................................................................

- (مەتا٢١: ٢٢) ..........................................................................................

- ( یۆحەنا١٦: ٢٣) ..........................................................................................

٢. بە پێی (١تیمۆساوس٢: ١) دەبێ لە پێناوی کێ نوێژبکەین؟

..........................................................................................................................

### لەکۆتاییدا ...

**لەم خوێندنەدا فێر بووم کە پێکهاتەکانی نوێژ ئەمانەن :**

أ- ..............................................................................................

ب- ..............................................................................................

ج- ..............................................................................................

د- ..............................................................................................

ﻫ- ..............................................................................................

### دەرفەتێك بۆ نوێژکردن :

**لیستێك بەمانەی خوارەوە بکە و ئێستا هەندێك کات بەسەر بەرە بەنوێژکردن :**

* ئەو گوناهانەی دەبێ دانیان پێدابنێم و تۆبەیان لەسەر بکەم .
* ئەو شتانەی کە لە پێناویاندا ستایشی خودا دەکەم .
* ئەو شتانەی کە لە پێناویاندا سوپاسی خودا دەکەم .
* داواکاریە تایبەتەکان ( لە پێناو خۆم و کەسانی دیکە ) .

### ئایەتەکانی لەبەرکردن :

﴿هەمیشە شاد بن بە پەروەردگار ، دیسان دەڵێم شاد بن . با خەونەکەتان لای هەموو خەڵك دیار بێت ، پەروەردگار نزیکە . خەم لە هیچ شتێك مەخۆن ، بەڵکو با لە هەموو شتێك بە نوێژ و پاڕانەوە لەگەڵ سوپاسکردن داواکاریەکانتان زانراو بێ لای خودا و ئاشتییەکەی خودا . ئەوەی لە سەرووی هەموو مێشکێکە ، ئەو دڵ و بیرتان دەپارێزێت لەعیسای مەسیح .﴾

(فیلیپی٤ : ٦، ٧) .

### لیستی نوێژکردن :

* ئەو گوناهانەی دەبێ دانیان پێدابنێم : ..............................................................................

..............................................................................................

* ئەو شتانەی دەبێ لە پێناویاندا ستایشی خودا بەکەم : ..............................................................

..............................................................................................

* ئەو شتانەی دەبێ لە پێناویاندا سوپاسی خودا بەکەم : ..............................................................

..............................................................................................

* داواکاریەکان ( بۆ خۆم و بۆ کەسانی تر ) : ........................................................................

..............................................................................................

## * * * لەكۆتاییدا * * *

ئا ئەوەتا لەكۆتاییدا گەیشتینە پایانی ئەم گەشتە جوان و خۆشە ، گەیشتینە كۆتایی شەش بەدوادا چوونەكەی ئەم زنجیرە ڕۆحیە ، هیوادارین سوودت لێ وەرگرتبێت ، یارمەتی تۆی دابێت بۆ گەشەكردن لە ژیانی باوەڕداری و بەدەستهێنانی زانین . بەڵام كۆتاییمان بە هەموو شتێك نەهێناوە ، وەك دەڵێن : " لەژیانی باوەڕداریدا زۆر قۆناغ هەیە بەڵام دەرچوون ( تخرج ) نییە . " چونكە پێویستیەكی هەمیشەیی هەیە بۆ فێربوون و گەشەكردن .

پێشنیارمان بۆ تۆ ئەمەیە :

* خوێندنەوەی بەردەوام لە كتێبی پارسا .
* بەرداوام بوون لە نوێژكردن .
* گوێڕایەڵیكردنی خودا لەهەموو ڕاسپاردەكانی .
* گەواهیدان بۆ مەسیح بەژیان و ووتەكانت .
* پشتبەستنێكی بەردەوام بە هێزی ڕۆحی پارسا لەژیانت .
* هاتنە پاڵ وارگەیەكی نێوخۆیی تاكو یارمەتیت بدات لە گەشەكردنی ڕۆحی و پتەوكردنی هاوبەشیت لەگەڵ مەسیح و پەرەپێدانی بەهرە ڕۆحیەكانت و بەشداریكردن لە ڕاژە .
* چوونە نێو خولەكانی خوێندنی كتێبی پارسا .

### گروپی خوێندنی كتێب

دەتوانیت بچیتە نێو گروپی خوێندنی كتێبی پارسا كەوا ئێستا هەیە :

هەموو ڕۆژێكی : .......................... كات : ..........................

شوێن : ..........................................................

# ئەو بنچینانەی ڕاژەی ژیانی خۆشویستن پێشکەشی دەکات بۆ هەموو باوەڕداران

## یەکەم: دە هەنگاوەکانی گەشەکرنی ڕۆحی:

* چەند نامیلکەیەکە بۆ خوێندنی کتێبی پارسا بەکار دەهێندرێت لە نێو گروپ یان لەلایەن تاکە کەس. ئامۆژگاریت دەکەین بەکاریان بهێنێت .

* ئەم زنجیرەیە پێکهاتووە لە :

- پێشەکییەك لە . " عیسای بێ وێنە " .
- هەنگاوی ژمارە ( ١ ) سەرچڵییەکانی باوەڕداری " .
- هەنگاوی ژمارە ( ٢ ) باوەڕدار و ژیانە باشەکە " .
- هەنگاوی ژمارە ( ٣ ) باوەڕدار و ڕۆحی پارسا " .
- هەنگاوی ژمارە ( ٤ ) باوەڕدار و نوێژکردن " .
- هەنگاوی ژمارە ( ٥ ) باوەڕدار و کتێبە پارساکەی خۆی " .
- هەنگاوی ژمارە ( ٦ ) باوەڕدار و گوێڕایەڵی " .
- هەنگاوی ژمارە ( ٧ ) باوەڕدار و گەواهیدان " .
- هەنگاوی ژمارە ( ٨ ) باوەڕدار و بریکاری " .
- هەنگاوی ژمارە ( ٩ ) چەند ڕۆشناییەك لە پەیمانی کۆن " .
- هەنگاوی ژمارە ( ١٠ ) چەند ڕۆشناییەك لە پەیمانی نوێ " .

### دووەم : مەشقەکانی ژیانی نوێ ٢٠٠٠ .

بریتییە لە مەشقکردن لەسەر مژدەدان و بەدواداچوونەوە و بەقوتابیکردن . کە پێکهاتووە لە چل وانەی نظري ( نظري ) و مەشقی کردەیی ( عملی ) . کاتژمێر لەبواری ڕاژەکردن .

# بەرنامەی خوێندنەوەی پەیمانی نوێ لە ٩٧ ڕۆژدا

| بەروار | خوێندنەوە | بەروار | خوێندنەوە | بەروار | خوێندنەوە | بەروار | خوێندنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مەتا ١-٣ | | یۆحەنا ١٣-١٥ | | ٢کۆرنتۆس ٤-٦ | | یاقوب ٤-٥ |
| | مەتا ٤-٦ | | یۆحەنا ١٦-١٨ | | ٢کۆرنتۆس ٧-٩ | | ١پەترۆس ١-٣ |
| | مەتا ٧-٩ | | یۆحەنا ١٩-٢١ | | ٢کۆرنتۆس ١٠-١١ | | ١پەترۆس ٤-٥ |
| | مەتا ١٠-١٢ | | کردار ١-٣ | | ٢کۆرنتۆس ١٢-١٣ | | ٢پەترۆس ١-٣ |
| | مەتا ١٣-١٥ | | کردار ٤-٦ | | غەلاتیە ١-٣ | | ١یۆحەنا ١-٣ |
| | مەتا ١٦-١٨ | | کردار ٧-٩ | | غەلاتیە ٤-٦ | | ١یۆحەنا ٤-٥ |
| | مەتا ١٩-٢١ | | کردار ١٠-١٢ | | ئەفەسۆس ١-٢ | | ٢یۆحەنا+ ٣یۆحەنا |
| | مەتا ٢٢-٢٥ | | کردار ١٣-١٥ | | ئەفەسۆس ٣-٤ | | یەهودا |
| | مەتا ٢٦-٢٨ | | کردار ١٦-١٨ | | ئەفەسۆس ٥-٦ | | بینین ١-٢ |
| | مەرقۆس ١-٣ | | کردار ١٩-٢١ | | فیلیپی ١-٢ | | بینین ٣-٤ |
| | مەرقۆس ٤-٦ | | کردار ٢٢-٢٤ | | فیلیپی ٣-٤ | | بینین ٥-٦ |
| | مەرقۆس ٧-٩ | | کردار ٢٥-٢٦ | | کۆلۆسی ١-٢ | | بینین ٧-٨ |
| | مەرقۆس ١٠-١٢ | | کردار ٢٧-٢٨ | | کۆلۆسی ٣-٤ | | بینین ٩-١٠ |
| | مەرقۆس ١٣-١٦ | | ڕۆما ١-٣ | | ١سالۆنیکی ١-٢ | | بینین ١١-١٢ |
| | لۆقا ١-٣ | | ڕۆما ٤-٦ | | ١سالۆنیکی ٣-٥ | | بینین ١٣-١٤ |
| | لۆقا ٤-٦ | | ڕۆما ٧-٩ | | ٢سالۆنیکی ١-٣ | | بینین ١٥-١٦ |
| | لۆقا ٧-٩ | | ڕۆما ١٠-١٢ | | ١تیمۆساوس ١-٣ | | بینین ١٧-١٨ |
| | لۆقا ١٠-١١ | | ڕۆما ١٣-١٤ | | ١تیمۆساوس ٤-٦ | | بینین ١٩-٢٠ |
| | لۆقا ١٢-١٤ | | ڕۆما ١٥-١٦ | | ٢تیمۆساوس ١-٤ | | بینین ٢١-٢٢ |
| | لۆقا ١٥-١٧ | | ١کۆرنتۆس ١-٣ | | تیتۆس + فلیمۆن | | |
| | لۆقا ١٨-٢٠ | | ١کۆرنتۆس ٤-٦ | | عیبرانییەکان ١-٣ | | |
| | لۆقا ٢١-٢٤ | | ١کۆرنتۆس ٧-٩ | | عیبرانییەکان ٤-٦ | | |
| | یۆحەنا ١-٣ | | ١کۆرنتۆس ١٠-١٢ | | عیبرانییەکان ٧-٩ | | |
| | یۆحەنا ٤-٦ | | ١کۆرنتۆس ١٣-١٤ | | عیبرانییەکان ١٠-١١ | | |
| | یۆحەنا ٧-٩ | | ١کۆرنتۆس ١٥-١٦ | | عیبرانییەکان ١٢-١٣ | | |
| | یۆحەنا ١٠-١٢ | | ٢کۆرنتۆس ١-٣ | | یاقوب ١-٣ | | |